## «پشتگیری لە دەستپێشخەرییەکەی یەکێتی ئەورووپا »»

### لەگەڵ گواستنەوەی راستەوخۆی پەنابەرانی (کامپی ئەشرەف)ین بۆ وڵاتانی سێهەم

دوای گەرانەوەی وەفدی یەکێتی ئەوروپی لە سەردانەکەی بۆ عێراقو کۆبوونەوەی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەریمی کوردستانو کۆبوونەوەی دواتری لەگەڵ خاتوو مریەمی رەجەوی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەرهەڵستکارانی ئێرانی لە پاریس، رۆژی سێشەممە (10)ی ئایاری 2011، بەرێز ستروان ستیڤێنسۆن، سەرۆکی وەفدەکە لە کۆنفەرانسێکی رۆژنامەوانیدا لە برۆکسێل، پیتەختی بلژیکا، پلانیکی راگەیاند وەک رێگەچارەی ئاشتیانە و هەتاهەتایی بۆ کامپی ئەشرەف.

بەداخەوە هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوەی یەکێتیی ئەورووپادا دەنگۆی واهەیە کە گوایا حکومەتی عێراق بەنیازە دانیشتووانی کامپی ئەشرەف بگوازێتەوە بۆ شوێنێکیتر لەناو خاکی عێراقدا وەک یەکەم هەنگاو بەمەبەستی گواستنەوەیان بۆ وڵاتانی سێهەم. ئەم جێگۆرکێ پێکردنەش گومانلێکراوو مەترسیدارە بەتایبەتی کە هاوکاتە لەگەڵ هەرەشەکردنەکانی حکومەتی ئێران لە وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا کە نابێ دانیشتووانی ئەشرەف بگرنە خۆیان.

هەربۆیە (کۆمەڵەی نووسەرانی کورد) بە پێویستی زانی هەڵوێستی مرۆییانەی خۆی لەسەر ئەم پرسە بخاتەروو بەمجۆرەی خوارەوە:

1. جێی داخە ئەمرۆ ئەبینین وڵاتەکەمان (عێراق) بووەتە شوێنی تەراتێنکردنی حکومەتی ئێران و پەنابەرانی ئێرانی تێیدا تووشی چارەنووسی لەمجۆرە دەبنەوە و بە هەرەشەی دەزانین بۆ سەر گەلەکەمان لە دوارۆژدا!

2. لەگەڵ پشتگیریکردنی تەواومان لە دەستپێشخەرییەکەی یەکێتیی ئەورووپا بۆ گواستنەوەی راستەوخۆی پەنابەرانی کامپی ئەشرەف بۆ وڵاتانی سێهەم، بە توندی نەیاری جێگۆرکێ پێکردنیانین لەناو خاکی عیراقداو حکومەتی عیراق بەبەرپرس دەزانین لە رووداوی هەر کارەساتێکی دی لەم پەیوەندییەدا.

3. بۆ سەرختنی ئاشتییانەی پرۆژەی گواستنەوەی پەنابەرانی ئەشرەف بۆ وڵاتانی سێهەم، پێویستە هەر لە ئێستاوە ئەم پەنابەرانە لە لایەن هێزەکانی ئەمریکاو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بپارێزرێنو گەر حکومەتی عێراق بەراستی نیازی پاکە لە دوورخستنەوەی ئەم پەنابەرانە لە عێراق، پێویستە هەموو ئاسانکارییەک بکات بۆ جێبەجێکردنی ئەم دەستپێشخەرییە.

4. هەروەک پیشتر رامانگەیاندبوو، بێدەنگیو بێ هەڵوێستی لەم پرسەدا پاساوهەڵنەگرەو ریخۆشکەر دەبیت بۆ کارەساتیترو دوارۆژ بەرۆکی هەموو لایەکمان دەگرێتەوە!

**کۆمەڵەی نووسەرانی کورد**

**30ی گوڵانی 2711ی کوردی**

**20 ئایاری 2011ی زایینی**